# تەکنیک و ناوەڕۆک لە چیرۆکەکانی فەریدوون عەلی ئەمیندا

پ.ی.د.سامان عزالدین سعدون [1] پەیمان عوسمان ڕەسول [2]

[2،1] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە و زمان، زانکۆی چەرموو، کوردستان، عێراق .

**پوختە**

ئەدەبی کوردی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەگەڵ پەیدابوونی ڕەوتی ڕۆژنامەگەی کوردیدا زۆر ژانری ئەدەبی هەبوون پەیدابوون. چیرۆکی منداڵان یەکێک لەو ژانرانە بوو لەگەڵ ڕۆژنامەدا پەیدابوو، چونکە ڕۆژنامە و گۆڤار دەگەنە هەمو ماڵێک و لەوێدا دایباب دەتوانن بۆ منداڵەکانیان بخوێننەوە. پێگەی فەریدوون عەلی ئەمین لە چیرۆکی منداڵاندا گرنگە، چونکە ئەو لە سەردەمێک بایەخی بە چیرۆکی منداڵاندا داوە، کە وەکو کولتوور لەناو کوردەواریدا نەبووە. ئەو لە ڕێگەی چیرۆکی منداڵانەوە هەوڵی ئامۆژگاریکردن و ڕێنوێنی منداڵان بووە. لەم ڕووەوە زۆر ئامانجی پێکاوە، چونکە خۆی مامۆستای قوتابخانە بووە، یەکێک لە ئامرازەکانی پەروەردە و فێرکردنیش لە دنیای مۆدێرنەدا بریتییە لە چیرۆکی منداڵان. کەواتە ئەم نووسەرە لە ساڵانی پەنجا و شەست و حەفتای سەدەی ڕابردوو چیرۆکی منداڵانی وەک هۆکارێکی پەروەردە و فێرکردن داناوە. لەو ڕێگەیەوە هانی دایک و باوکانی داوە بایەخ بەم لایەنە بدەن. بۆیەش چەندین بەرهەمی چیرۆکی منداڵانی لەو سەردەم وەک کتێب چاپ کردووە.

**کلیلە وشە:** منداڵ، چیرۆکی منداڵان، ئێستاتیکا، پەروەردە، زمانی چیرۆک

## پێشەکی:

ئەدەبی منداڵان بە گشتی و چیرۆکی منداڵان بەتایبەتی ڕۆڵێکی گەورەی لە ژیانی پەروەردەیی و گەشەی فیکری و دەروونی منداڵاندا هەیە. بە هۆی چیرۆکی منداڵانەوە دەتوانین کەسایەتی منداڵ دابڕێژین. چیرۆکی منداڵان تایبەتمەندی خۆی هەیە، کاتێک چیرۆکنووس چیرۆکی منداڵان دەنووسێت دەبێت تەمەنی منداڵان، ڕەگەزی منداڵ، ژینگەی منداڵ لەبەر چاو بگرێت بۆ ئەوەی کاریگەری دەروونی و عەقڵی لەسەر منداڵ جێنەهێڵێت. لە ئەدەبی کوردیدا زۆرن ئەو نووسە و ڕۆشنبیرانەی لە بواری منداڵاندا کار دەکەن. (فەریدوون عەلی ئەمین) یەکێکە لە نووسەرە دیارانەی ڕۆڵی لە نووسین و پێشخستنی چیرۆکی منداڵاندا هەیە. هەر بۆیە توێژینەوەکەمان بەناونیشانی (پێگەی فەریدوون عەلی ئەمین لە چیرۆکی منداڵان)دا بۆ ئەم بوارە تەرخان کردووە.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی پێگەی نووسەرێکی بواری ئەدەبی منداڵان، لە سەردەمێکدا بە دەگمەن بایەخ بە لایەنی پەروەردەیی و دەروونی و فێرکردنی منداڵان دەدرا. ئەو نووسەرانەی تایبەت لەم بوارە دەیانووسی لە پەنجەی دەست تێپەڕیان نەدەکرد. پیشاندانی ڕۆڵی نووسەرێکی وەها، مێژووی ئەدەبی منداڵانمان دەوڵەمەندتر دەکات.

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4، العدد 1 (2023)
أُستلم البحث في21 يوليو 2022؛ قُبل في 14 سبتيمبر 2022
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 15 مايو 2023
البريد الإلكتروني للمؤلف: payman.ousman@charmouniversity.org
حقوق الطبع والنشر © 2023 . د.سامان ، بةيمان. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانج لەم توێژینەوەیە پیشاندانی لایەنی هونەری و تەکنیک و جوانیناسی ئەو چیرۆکانەن، کە فەریدوون عەلی ئەمین بۆ منداڵانی نووسیوە. ئێمەش هەموو ئەو لایەنانەمان ڕوون کردۆتەوە بۆ ئەوەی پێگەی ناوبراو لە ڕەوتی ئەدەبی منداڵاندا دەربکەوێت. بۆیە توێژینەوەکەمان دەیەوی وەڵامی پرسیارگەلی وەکو: بایەخی چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم چی بووە؟ بایەخ و تەکنیکی ئەم چیرۆکانە چین؟ ڕۆڵی ئەم چیرۆکانە لەسەر پەروەردە و فێرکردنی منداڵان چی بووە؟ ئایا چیرۆکەکان تا چەند پەیوەندیان بە واقیعی ژیانی منداڵانی کوردەوە هەبووە؟

**سنووری توێژینەوە:**

سنووری توێژینەوەکەمان ئەو چیرۆکانەن، کە فەریدوون عەلی ئەمین لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم چ وەکو نامیلکەی سەربەخۆ، یان وەکو چیرۆک لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان نووسیونی.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکەمان لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە. لە تەوەرەی یەکەمی بەشی یەکەم باسمان لە چەمک و پێناسەی چیرۆکی منداڵان بە گشتی کردووە. هەروەها مێژووی ئەم ژانرەی ئەدەبی منداڵانمان لە جیهان باس کردووە. تەوەرەی دووەم باسمان لە مێژووی چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا کردووە. ئەوەمان خستۆتەڕوو، کوردیش لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بایەخی بەم ژانرەی ئەدەبی منداڵان داوە. لە بەشی دووەمدا، کە بەشێکی پراکتیکییە، باسمان لە چیرۆکەکانی (فەریدوون عەلی ئەمین) لە ڕووی ناوەڕۆک و تەکنیکەوە کردووە. بایەخی ئەم چیرۆکانمان لە مێژووی چیرۆک لە ئەدەبی منداڵانی کورد دەرخستووە. لە کۆتاییدا ئەنجامەکانمان لە چەند خاڵێک خستۆتەڕوو و لیستی سەرچاوەکانمان نووسیوە.

## بەشی یەکەم: چەمک و مێژووی چیرۆکی منداڵان

### تەوەرەی یەکەم: مێژووی چیرۆکی منداڵان لە جیهاندا

سەبارەت بە ژانرە ئەدەبییەکان بە شێوەیەکی گشتی و چیرۆکی منداڵان بەتایبەت سەرەتا دەبێت بۆ ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆری بگەڕێینەوە. سەرەتا ئەدەبی منداڵان بە گشتی و چیرۆکی منداڵان بەتایبەتی بابەتێکی نەنووسراو بووە، واتە بە شێوەی زارەکی بووە. ڕووداوەکانیان بۆ یەکتر گێڕاوەتەوە بەتایبەتی لە شەوانی زستاندا، چونکە ئەدەبی منداڵان و چیرۆکی منداڵان ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە و عەقڵی منداڵان هەیە. بیرکردنەوەی مرۆڤ لە سەردەمی منداڵیدا ماددەیەکی خاوە، دایک و باوک و خێزان چۆنیان بوێ دەتوانن بەو شێوەیە پەروەردەی بکەن. یەکێک لە ئامرازەکانی پەروەردەکردنیش بریتییە لە ئەدەبی منداڵان بە شیعرو چیرۆکەوە. بۆیە (ئەدەبی منداڵان کارێکی داهێنەرانەیە، گەیاندنی بە منداڵانیش کارێکی پەروەردەیی و داهێنانییە، چونکە تێگەیشتنێکی تەواومان لەبارەی دەروون و تواناکانی منداڵ دەداتێ) (الامین، ٢٠٠٦: ١١)

چیرۆکی منداڵان پڕیەتی لە خەیاڵ و سەرکێشی و دەرخستنی تواناکان و چارەسەکردنی گرفتەکان. هەموو ئەمانە لەلایەن هەندێک کارەکتەرەوە ئەنجام دەدرێن، کە دەبنە بەرەی خێر و بەرەی شەڕ. زۆرجار ئەو کارەکتەرانە ئاژەڵ و باڵندە و گیاندارانن، زۆرجاریش بوونەوەری خەیاڵی و نامۆن. هەموو ئەمانە وا دەکەن، ئەم جۆرەی ئەدەبی منداڵان چێژی تایبەتی هەبێت و منداڵان بە چێژەوە بیخوێننەوە، یان گوێی بۆ ڕادێرن. کەواتە چیرۆکی منداڵان (ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە پێدانی چێژ و خۆشی بە منداڵان وای لێ دەکات لە ژیانیدا ڕەنگ بداتەوە و تێڕوانینی بۆ داهاتوو لای دروست بکات) (الشیخ، ١٩٩٧: ٧٣). بە شێوەیەکی گشتی چیرۆک ژانرێکی چێژ بەخشە بۆ منداڵ و هەمیشە لە بازنەی جیهانی منداڵاندا ڕۆڵ و کاریگەری هەیە.

چیرۆکی منداڵان بە هۆی تایبەمەندیەکانیەوە بنەما و ڕێسای تایبەت بە خۆی هەیە، چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بێت یان لە ڕووی هونەرییەوە. ئەمەش بە هۆی ئەوەی ڕۆڵێکی سەرەکی لە پەرەوەردە و پێگەیاندنی منداڵدا هەیە. بۆ نموونە لە کۆندا بە مەبەستی گەیاندنی پەیامی ئاینی، ئاکاری و مەعریفەییەوە گوتراوە. چیرۆکی منداڵان لە ئێستادا و لە سەردەمی هاوچەرخدا ئەو ئەرکە پەروەردەیی و مەعریفیەی خۆی پاراستووە و بەردەوام لە بواری فێرکردن و ڕۆشنبیریی و کات بەسەربردن بەکاردیت، بەڵام (بەپلەی یەکەم بۆ دڵخۆشی منداڵە، دواتر بۆ زیادکردنی زانست و مەعریفەی، فراوانبوونی ڕۆشنبیریی، وانەی ئاکاری و پێشخستنی لایەنی ئەدەبی و هونەری منداڵ بەکاردێت. بۆیە چیرۆک جێ بایەخترین بابەتی خوێندراوەیە لای منداڵ. کاریگەرترین هۆکاریشە لە ڕووی ژیان و ئارەزووەکانی منداڵ. خۆیان دەکەن بە پاڵەوانەکانی چیرۆک، لەگەڵ ڕووداوەکانیان دەژین و کاریگەر دەبن بە ناوەڕۆکی) ( الحريري، ٢٠٠٩: ٢٠٥-٢٠٦).

مێژووی چیرۆکی منداڵان لە جیهان هێندەی مرۆڤ کۆنە، دەتوانین بڵێین لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤ پەیدابووە. وەکو پێشتریش باسمان کرد هەموو ئەو گێڕانانەوەی لە کۆندا هەبوونە تایبەت بە دنیای منداڵان دەچنە ئەم خانەیەوە. بەتایبەت دوای ئەوەی باوکەکە بۆ ڕاو چۆتە دەرەوە تاکوو خواردن بۆ ژن و منداڵەکانی پەیدا بکات، کاتێکش ئێوارەوە گەڕاوەتەوە ئەشکەوتەکەیان ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەی بۆ منداڵەکانی گێڕاوەتەوە. ڕۆژانی دواتر منداڵەکەی بەردەوام لەبارەی سەرکێشەییەکانی باوکی پرسیاری کردووە. ئەمە بووەتەوە هۆی ئەوەی ئەو ئەزموون و ڕووداوانەی باوک گێڕاویەتەوە جۆرێک لە خەیاڵ لای منداڵ دروست دەکات. واتە بە خەیاڵی خۆی وێنای ئەم ڕووداوانەی باوکی دەکات. دەتوانین بڵێین چیرۆکی منداڵان لەناو شارستانیەتە کۆنەکانەوە سەریهەڵداوە. ئەگەر سەیری شارستانیەتی کۆنی سۆمەرییەکان لە باشووری عێراق بکەین،، ئەوا کۆمەڵێک دەقی چیرۆکی منداڵان دەدۆزینەوە. چیرۆکەکان زۆر سادەن پەیوەندییان

به ژیانی كۆمەڵایەتی خەڵكەوە هەیە. (چیرۆكەكان شێوەی جیاوازی گێڕانەوەیان هەیە كە شێوەی باوی چیرۆكی منداڵانە، لەوانە چیرۆكی ئاژەڵان، ئەفسانە، چیرۆكی خوێندن و سەركێشی، كە بۆ قۆناغەكانی گەشەی منداڵ پێویستن) (الشنطي، ١٩٩٧: ١٥٩). دواتر دەگەینە قۆناغی شارستانیەتی فیرعەونی. (یەكەم چیرۆكی نووسراوی منداڵان، كە مرۆڤ زانیویەتی پێش سەركێشییەكانی سندباد، عەلائەددین، سەندریلا بریتیین لە چیرۆكە میسرییەكان، كە سێ هەزار ساڵ پێش زایین لە سەر دیوار نووسراون، وەكو چیرۆكەكانی ئیزیس و خۆفۆ و دوورگەی ڕیوییەكان) (الشنطي، ١٩٩٦: ١٥٩). سەرچاوەكان ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن ساڵی (١٨٥٢) ئیلیزابێس دورینی ئەو پارچە كۆنەی لە ئیتاڵیا كڕی و پاشان لە مۆزەخانەی لۆڤەر پیشانی دا. توێژەری بواری میسرییە كۆنەكان (دی ڕۆجیە) بڕوای وایە ئەو پارچەیە چیرۆكێكی كۆنی لەخۆوە گرتووە، ڕووداوەكانی هاوشێوەی (هەزار و یەكشەوە)یە. تەنانەت لەسەر دیوارەكان وێنەیش لەگەڵ گێڕانەوەكاندا هەن. بڕێك لە توێژەران (بڕوایان وایە هونەرمەند "واڵت دیزنی" بیرۆكەی فیلم كارتۆن و كارەكتەرەكانی لەوانەوە وەرگرتووە بەتایبەت دوای ئەوەی سەردانی گۆڕی میسرییە كۆنەكانی كردووە. كاتێك چیرۆكە وێنەییەكانی منداڵانی بینی سروشی لەوانە وەرگرت) (الشنطي، ١٩٩٦: ١٦٤)

یەكێكی دیكە لەو بەرهەمە چیرۆكیانەی وەكو بەرهەمێكی میللی ناودەهێنرێت بریتییە لە حەكایەتەكانی بانجاتنترا. ئەم چیرۆكانە هیندی برەهمی لەنێوان ساڵانی ٥٠٠- ١٠٠ پ.ز. نووسیویەتی. ئەمەش لەسەر داخوازی پاشا بۆ پەروەردەكردنی سێ منداڵەكەی بەتایبەت بۆ بواری سیاسەت. بۆیە فەرمانی بە برەهمی كردووە و ئەویش چیرۆكەكانی لەسەر زاری ئاژەڵانەوە گێڕاوەتەوە (الهيتي، ١٩٨٨: ١٥٩). دواتر لەسەر هەمان شێواز و فۆرم ئیبن موقەففەع حكایەتەكانی ناوی كلیلە و دمنە دەنووسێت. دواتر لە عەرەبییەوە بۆ زۆربەی زمانانی ئەورووپی وەردەگێڕدرێت و ژانرێكی نوێی چیرۆك، كە چیرۆكی منداڵانە دەردەكەوێت، كە پڕیەتی لە پەند و ئامۆژگاری .

لە یۆنانی كۆن بەناوبانگترین بەرهەمی چێرۆكی منداڵان بریتییە لە چیرۆكەكانی (ئیزۆپ)، كە بە شێوەیەكی پڕ چێژەوە لەلایەن منداڵانەوە دەخوێندرێتەوە. بە یەكێك لە كتێبە ئەوەڵینەكانی چیرۆكی منداڵان دادەنرێت. چیرۆكنووس (ئیزۆپ) لە حەكایەتەكانیدا ( بە بڕوای لاپریۆل ئیزۆب كاریگەر بووە بە چیرۆكە میسرییەكان، چونكە ئەوان نەتەوەیەكی كۆنترن لە یۆنانییەكان. ئاشكرایە ئیزۆپ سەردانی میسری كۆنی كردووە، كاریگەر بووە بەو چیرۆكانە، پاشان گەڕاوەتەوە بۆ نووسینی چیرۆكەكانی، كە ناوی پێ دەركرد و كاریگەری لەسەر ئەدەبیانی كۆن و ناوەڕاستی ئەورووپا دانا) (الهيتي، ١٩٨٨: ١٥٩). بۆیە چیرۆكەكانی ئیزۆپ بە كۆنترین دەق نووسراو لەو بوارە دادەنرێن، كە هەمان كات خاوەنەكەشی دیار بێت .

لە سەردەمی نوێدا یەكەمین هەوڵەكانی لە بواری چیرۆكی منداڵان، بۆ سەدەی حەڤدە لە فەرەنسا دەگەڕێتەوە. (نووسەرێكی وەكو "تشارلز پیرۆ" كۆمەڵێك چیرۆك بە ناوی چیرۆكی دایكەئوزە و سەندرێلا لە ساڵی ١٦٩٧دا) (ابو عرقوب، ١٩٨٢: ٣٤). دوای ئەوەی حەكایەتەكانی دایكە ئوزە برەو پەیدا دەكات و لەناو خەڵك بەناوبانگ دەبێت. سەرنجی نووسەران بە لای ئەم جۆرەی نووسینی ئەدەب، كە چیرۆكی منداڵانە ڕادەكیشێت. دوا جار "جان جاك ڕوسو" هەر لە فەرەنسا لە ساڵی ١٧٦٢دا چیرۆكی "ئەمیل" دەنووسێت. چیرۆكی منداڵان لە سەدەی حەڤدە و هەژدە و نۆزدە زیاتر بە شێوازی ئامۆژگاری و پێگەیاندنی بواری فێركردن لە ڕێگەی چیرۆكەوە بووە. هەمووی ئەمانەش لە پێناوی ئەوەی منداڵ واز لە خوێندن نەهێنێت، چێژ وەرگرێت، خەیاڵ بكات .

"لافۆنتین" كە بە ڕابەری حەكایەتی خورافی دادەنرێت، كۆمەڵێك حەكایەتی نووسی، لەسەر زاری ئاژەڵانەوە ڕووداوەكانی بە شیعر گێڕایەوە. (ئەم نووسەرە كۆمەڵێك حەكایەتی خورافی لە یانزە بەرگدا نووسی، سەرەتا شەش بەشی بڵاوكردەوە، دوای پێنج ساڵ پێنج بەشی تری بڵاوكردەوە، هەمووی خۆی لە ٣٢٠ دەقدا دەبینیەوە) (درویش، ٢٠٠٢: ٨٠). بۆ دارشتنی ئەم چیرۆكانە، نووسەر سوودی زۆری لە كلیلە و دمنە و چیرۆكەكانی ئیزۆپ وەرگرتووە .

لە سەدەی بیستەم چیرۆكی منداڵان لە ئەورووپا گرنگی زۆرتری پیدرا، بەتایبەت كاتێك بووە هۆكارێك، ئامرازێك بۆ بواری پەروەردە و فێركردن. بەناوبانگترین نووسەر "د. دولیتل لهیولوفتینج"، كە كۆمەڵێك دەقی نووسی، هەرچەندە هەندێكیان شیعر بوون، بەڵام ڕۆڵێكی گەورەی هەبوو لە پێشخستنی ئەدەبی منداڵان بە گشتی و چیرۆكی منداڵان بەتایبەتی. بۆ نموونە چیرۆكی (وینی) و (خانووی باوە كورنور) لە ساڵی ١٩٢٨. لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، سەردەمی زێڕینی چیرۆكی منداڵان دەست پێ دەكات، بەتایبەتی دوای ئەوەی تەكنەلۆجیا ڕۆڵێكی گەورە دەبینێت لە بابەتی چاپكردن و دیزاینی كتێبی منداڵان. هەروەها كتێبخانەی تایبەت بە ئەدەبی منداڵان بە گشتی و چیرۆكی منداڵان بەتایبەتی لە قوتابخانەكان كرایەوە. بۆ نموونە (كتێبەكانی مۆریس سنداك ڕۆڵێكی گەورەیان هەبوو و لە سەرووی لیستەكەدان وەك: لە چێشتخانەی شەواندا- ١٩٧٠ و لە دەرەوە لەوێ- ١٩٨٠، كتێبەكانی كریس ڤان سپێرج بەتایبەت گومانگی- ١٩٨٢) (احمد، ٢٠٠٤: ٨٠). بەم شێوەیە بۆمان دەردەكەوێت چیرۆكی منداڵان لە جیهان بەگشتی و ئەورووپا بەتایبەتی چۆن سەریهەڵداوە و ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ زانینی قۆناغەكانی گەشەسەندنی چیرۆكی منداڵان.

### تەوەرەی دووەم: مێژووی چیرۆكی منداڵان لە ئەدەبی كوردیدا

وەك چۆن لە باسكردنی مێژووی چیرۆكی منداڵان لە جیهاندا بۆ ئەدەبیاتی فۆكلۆری گەڕاینەوە، بە هەمان شێوە لە بواری باسكردنی چیرۆكی منداڵان لە ئەدەبی كوردیدا دەبێت بۆ ئەو ئەدەبە بگەڕێینەوە. بواری چیرۆكی فۆلكلۆریدا ..

سامانێکی لەبنەهاتوی چیرۆکی فۆلکلۆریمان هەیە، کە تا ئێستا بەشێکی زۆر کەمیان لێ تۆمارکراون. نموونەی ئەم چیرۆکە فۆلکلۆرییە کوردییانە بۆ منداڵان : تیتلە و بیبلە، مشکەخان دەچێت بۆ شاری شووکردن، داپیرە و ڕێوی، مریشکە قوندە و مام هۆمەر، دەنکە هەنارە...تاد. ئەم چیرۆکە فۆلکلۆرییە کوردییانە بە ڕستەی هەبوو .. نەبوو، یان جارێک لە جاران دەست پێ دەکەن و بە ڕستەی: چەپکی گوڵ و چەپکێ نێرگز .... مەرگتان نەبینم هەرگیزا و هەرگیز، یان منیش هاتمەوە و، کڵاشەکەم (کەوشەکەم) دڕا .. هیچیشم پێ نەبڕا کۆتاییان دێت. ئەم ڕستانە بۆ چیرۆکی ئەفسانەیی و خورافیش هەر بەکارهاتووە. ئەم چیرۆکانەی منداڵان نەوە دوای نەوە گواستراوەتەوە بە شێوەی سەرزاری، تاکوو لەم سەردەمانەی دوایی تۆمار کراون. (ئەم بەرهەم و چیرۆک و هەقایەتە فۆلکلۆریانەی، کە ئاماژەمان پێکردن، یان ئەوانەی پاشتر، کە سەرچاوە لە جیهانی فۆلکلۆرەوە وەردەگرن باسی خێر و شەڕ و خۆشەویستی نیشتیمان ڕەوشت پاکی...هتد دەکەن. بووەتە زەمینەیەکی دەوڵەمەند بۆ ئەدەبی منداڵانی کورد) (ئەحمەد، ٢٠٠٥: ١٠٠). ئەم لایەنە لە ئەدەبی کوردیدا زۆر کەم بایەخی پێدراوە، چونکە لە ئەدەبی فۆلکلۆریدا دەیان دەقمان هەن، بۆ نموونە شیعر، گۆرانی، یاری و گەمە، چیرۆک...تاد هێشتا بە تەواوی ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە. تەنانەت کەسانی پسپۆڕیش لەم بوارە زۆر دەگمەن بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن.

ئێمە لێرەدا نامانەوێ باسی کۆی ژانرەکانی ئەدەبی منداڵان بکەین، تەنیا پێداگری لەسەر چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کورد دەکەینەوە. کاتێک سەیری ئەدەبی نووسراو دەکەین، بەتایبەت دوای پەیدابوونی ڕۆژنامە و گۆڤار بەتایبەت لە باشووری کوردستان. لە گۆڤاری (زاری کرمانجی ١٩٢٥- ١٩٣٢)دا بایەخێکی زۆری بە چیرۆکی منداڵان داوە. بۆ نموونە (لە ژمارەی (١٠)ی ئەم گۆڤارە چیرۆکێک بۆ منداڵان لەژێر ناونیشانی (بە میوەی داروبەرانی تێدەگەن) بڵاوکراوەتەوە، کە نووسەر تێیدا باس لە پیاوێک دەکات بە پێنج هەرمێ کە دەسچنی خۆی بوو، لە داری کردنەوە و بۆ ماڵێی بردنەوە، دەیەوێ چوار کوڕی خۆی تاقی بکاتەوە، ڕێگەی پیاوەتی و خێر و چاکەیان پی بناسێنێت) (صبری، ٢٠١٠: ٤٠). دەبینین چیرۆکەکە بە مەبەستی ئامۆژگاری نووسراوە بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە ئامۆژگاری کوڕەکانی بکات، چۆن بەردەوام کاری خێر و چاکە بکەن. لە گۆڤاری (هاوار ١٩٣٢- ١٩٤٣)، کەلە ڕۆژئاوای کوردستان دەردەچوو لەلایەن برایانی بەدرخانییەوە، بە شێوەیەکی جیاواز گۆشەیەک بۆ ئەدەبی منداڵان تەرخان کراوە. ئەم گۆشەیە بە ناوی (ستوونا زارۆکان) بووە. لە ژمارەی (٣٠)ی گۆڤارەکە چیرۆکێک بە ناوی (کورد یەکەن) لەلایەن (نورەددین زازا)ەوە نووسراوە (شوان، ٢٠١٧: سایتی کوردستان پۆست). چیرۆکەکە باسی منداڵێکی ئاوارەبووی باکووری کوردستان دەکات بۆ شاری مووش، دەچێتە قوتابخانە و مامۆستا ئامۆژگاری منداڵەکان دەکات وەک کەسێکی نامۆ لێی نەڕوانن و ئەویش وەک ئەوان منداڵێکی کوردە. هەروەها لە هەمان ژمارەدا چیرۆکنووس چیرۆکێکی تر بە ناوی (شیرەتێن ئەحمەدی خانی) بڵاودەکاتەوە، وا لە منداڵان دەگەیەنێت کە خۆیان بە نەوەی ئەم شێرە بزانن.

گۆڤاری (گەلاوێژ) هەنگاوێکی گرنگ بوو لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا. ئەم گۆڤارە بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵانە ئاوڕی لە هەموو بوارەکانی ئەدەب داوەتەوە. لەم گۆڤارەشدا بەشێکی تایبەت بە ئەدەب و چیرۆکی منداڵان هەبووە بەتایبەت لە ساڵانی کۆتایی دەرچوونی گۆڤارەکە. کۆمەڵێک چیرۆکی منداڵان لەوێدا بڵاوکراونەتەوە لەوانە: داڵە سووره، مارەکەی شێخ هۆمەر، بزن و مەیموون، ڕێویەکەی قەمچوغە. ئەم چیرۆکانە لەلایەن (ر) ناوێکەوە بڵاوکراونەتەوە. بە بڕوای (د.محەمەد دلێرئەمین) ئەم چیرۆکانە لەلایەن (عەلائەدین سەجادی)یەوە نووسراون، بەڵگەی بۆ ئەم بۆچوونەشی بریتییە لە کۆمەڵە چیرۆکی (هەمیشە بەهار)ی هەمان نووسەر، کە دانەرەکەی ئەم چیرۆکانە و چەند چیرۆکێکی تریشی تێدا بڵاوکردوونەتەوە (محمد، ١٩٨٩: ٤٦). لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)دا (حوسێن حوزنی موکریانی) چەند چیرۆکێکی بۆ منداڵان بڵاوکردۆتەوە، ئەوانیش: ورچ و ڕێوی، خاوەن دارستان و پشیلە، گورگ و ڕێوی. ئەم چیرۆکانەی بە سوودوەرگرتن لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی نووسیوە، کە پڕیەتی لە پەند و ئامۆژگاری بۆ منداڵان لەسەر زاری گیانداران .

یەکێک لە دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ بریتی بوو لە دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بە منداڵ بە ناوی (گرۆگاڵی منداڵانی کورد). یەکەمین ژمارەی بە زمانی شیرینی کوردی بۆ منداڵانی کورد، لە پایتەختی (کۆماری کوردستان)، لە شاری (مەهاباد) لەلایەن کەسانێکی دڵسۆز و خەمخۆری منداڵانەوە دەرچوو، کە تەنها (٣) ژمارەی لێ دەرچوو. لەم گۆڤارەشدا چیرۆک یەکێک بوو لە ژانرە گرنگەکان، کە بایەخێکی زۆری پێدرا. لێرەوە گۆڤاری تایبەت بە منداڵان دەبێتە مۆدێل و چەند ساڵ دواتر گۆڤاری تایبەت بە منداڵان دەردەچن. بەتایبەت دوای بەیاننامەی یانزەی ئازاری ١٩٧٠. ئەو کات لە شاری سلێمانی گۆڤاری (ئەستێرە) تایبەت دەکرێت بە منداڵان بڵاودەکرێتەوە. (ژمارە (١)ی ئەستێرە لە ساڵی ١٩٧٢ دەرچوو و (٢٦) لاپەڕەیە. تیایدا لاپەڕە ١٢- ١٣ چیرۆکێکی تێدایە بەناوی (کاوەی ئاسنگەر) و لاپەڕە(١٩)هەڵبەستێکی کاکەی فەلاحی تێدایە بەناوی عەبە خەوخۆش. لەگەڵ چەند ئامۆژگاری و چیرۆک و هەڵبەستێکی تر) (صبری، ٢٠١٠: ٤٥). لە ژمارەکانی تری ئەم گۆڤارە تاکو داخستنی لە ساڵی ١٩٧٥ چەندین چیرۆکی منداڵانی تێدا بڵاوکراوەتەوە. ئەستێرە وەک یەکەمین گۆڤاری منداڵان لە باشووری کوردستاندا تۆمارکرا. وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە بواری ڕۆشنبیری و ئەدەبی منداڵانی کورد، بوو بە سەرەتای بزووتنەوەی ئەدەبی منداڵانی کورد. پاشان ڕۆژنامەکانی (برایەتی) و (هاوکاری) چەندین چیرۆکی منداڵانیان تیدا بڵاکراوەتەوە.

بەڵام ئەگەر باسی ئەو چیرۆکانەی بە شێوەی نامیلکە یان کتێب نووسراون، ئەوا مێژوویەکی کۆنمان دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم. یەکەمین چیرۆکی چاپکراوی کوردی بە بڕوای (نەوزاد عەلی ئەحمەد) بریتییە (لە چیرۆکی

"کەڵەکۆک" لە نووسینی عیسا عەلی لە ساڵی ١٣٤٥ کۆچی لە چاپخانەی زاری کرمانجی بە شێوەزاری کرمانجی ژووروو چاپ کراوە) (ئەحمەد، ٢٠٠٦: ٣٦). ئەم چیرۆکە باسی کابرایەک دەکات، کە درۆ دەکات گوایە بەسەر سواری پشتی کەڵەبابێک گەشتێکی دووری کردووە. ئەم چیرۆکە زیاتر ئامۆژگارییە، کە منداڵان دەبێ دوور بن لە درۆکردن، هەرچەندە کۆمەڵێک رووداوی خوراف و ئەفسانەی تێدایە، کە لەگەل خەیاڵی منداڵدا دەگونجێت. دووەم چیرۆکی منداڵان لە رووی مێژووییەوە، کە چاپ کرابێت بریتییە لە چیرۆکی بزنۆکە و مەڕۆکە، کە لەلایەن حوسێن حوزنی موکریانییەوە نووسراوە و لە ساڵی ١٣٤٦ چاپ کراوە، کە دەکاتە ساڵی ١٩٢٧. لە رەواندوز چاپ کراوە. لەم چیرۆکەدا مەڕ و بزن و گورگ رۆڵ دەگێرن. چیرۆکنووس لە کۆتاییدا بە قسەیەکی نەستەق کۆتایی بە گێڕانەوە دەهێنێت (ئەحمەد، ٢٠٠٦: ٣٦)

لە ساڵانی چلەکانیشدا (شاکر فەتاح) لە کتێبێکدا (هاوڕێی منداڵ)، چیرۆکێکی بۆ منداڵان تێدایە بە ناوی (شاگردی سەرکەوتوو) و پاشانیش لە ساڵانی پەنجاکان. دوو کتێب بە شێوەی چیرۆک بە چاپ گەیەندراون. ئەوانیش (یەکێکیان ئەهمەدێ عەگیتی کارلێن چەچانییە، کە پێکهاتووە لە چەند پارچە هەڵبەست و چیرۆکێکی کورت کورت بۆ منداڵان، بە وێنەی رەنگاورەنگ رازاوەتەوە لە ساڵی ١٩٥٨. دووەمیان نامیلکەی (ئاشتی) کە نیقابەی مامۆستایانی سلێمانی بڵاویانکردۆتەوە لە ساڵی ١٩٥٩، ئەم نامیلکەیە لە چەشنی چیرۆکدایە و باسی ئاشتی و خراپی شەڕ دەکات) (صبری، ٢٠١٠: ٥١). لە شەست و حەفتا و هەشتەکان هەندێ کتێب وەکو چیرۆکی منداڵان چاپ دەکرێت، دەتوانین چەند نموونەیەک بهێنینەوە:

- گۆڕنە تەڵە، رەمزی قەزاز، ١٩٦٧
- مام رێوی، عومەر عەلی ئەمین، ١٩٦٧
- چالاک، فازل محەمەد عەزیز قەفتان، ١٩٦٧.
- هەڵشەیی، رەزا شوان، ١٩٧٠.
- پیاوە بچکۆلە، فەریدوون عەلی ئەمین، ١٩٧٢.
- محەمەد عەبدە، شێرکۆی نەبەز، ١٩٧٥.
- جوانترین دێ، لەتیف هەڵمەت، ١٩٧٩.
- قولەمەیتەر، عەزیزی مەلای رەش، ١٩٨٠.
- زێڕین و کاڵی، جەمال نوری، ١٩٨١.
- هێلینک، صدیق خالد هروری، ١٩٨٤
- گوندەکەمان، تایەر ساڵح سەعید، ١٩٨٧.
- گوڵ و هەنگ، نوری سەعید قادر، ١٩٨٩.

**بەشی دووەم: لایەنی ناوەڕۆک و تەکنیکی چیرۆکەکانی فەریدوون عەلی ئەمین**

**تەوەرەی یەکەم: رەگەز و تەکنیکی چیرۆکی منداڵان**

بە هۆی ئەو بایەخ و گرنگییەی چیرۆکی منداڵان هەیەتی، پێویستە ئاماژە بۆ بنیادی گێڕانەوەیی و هونەری ئەم ژانرە بکەین. بنیاد و توخمی هونەری چیرۆکی منداڵان بە شێوەیەکی گشتی باس دەکەین، کە بریتین لە:

١ . بیرۆکەی سەرەکی: بیرۆکەی سەرەکی بریتییە لەو بابەتەکەی کە رووداوەکانی لەبارەوە دروست دەکرێن. هەڵبژاردنی بیرۆکە هەنگاوی یەکەمە بۆ ئەوەی چیرۆکێکی هونەری و سەرکەوتوومان هەبێت. پێویستە چیرۆکنووسی منداڵان وێنەیەکی روون لەبارەی بابەتی چیرۆکەکە پیشکەش بکات. بۆیە (پێویستە وشەکانیان سووک و ئاسان و واتا زانراوبن، لە وشە و واژەی نامۆ و واتای ناڕوون دووربکەوینەوە) (شوان، ٢٠١٨: سایتی.(pmnews

٢ .بونیاد و پلۆت: ئەو بیرۆکەیەی لە مێشکی چیرۆکنووسی منداڵاندایە دەبێ بیکاتە یەک رووداو، ئەمەش لە رێگەی بنیاد و پلۆتی چیرۆکەوە دەبێت. تانوپۆ (پلۆت) ئەو کردار و رووداو و هۆکارانە دەگرێتەوە، کە چیرۆکنووس بە ویستی خۆی سفت و سۆڵ پێکەوە دەیانگونجێنێ. بە واتایەکی تر تانوپۆ شێوەی داڕشتنی حیکایەتە) (سەراج، ٢٠٠٧: ١٦). واتە ئەو بونیادە دەبێ روون و پێکەوە بەستراو بێت بۆ ئەوەی دەقێکی هونەری سەرکەوتووی لی دەرچێت. چیرۆکی منداڵان دەبێ یەک رووداوی تێدا بێت، بەڵام ئەگەر چەند وردە رووداوێکیش بن، دەبێ تیشک بخاتە سەر هۆکار و ئەنجامی وردە رووداوەکان. واتە ناکرێ هیچ رووداوێک لەخۆوە رووبدات، چونکە دەبێتە جیگەی پرسیار لای منداڵ و توانای تێگەیشتن قورس دەکەن. کەواتە پلۆتی چیرۆکی منداڵان دەبێ روون بێت و نابێت ئاڵۆز بێت.

٣ .چارەسەر لە چیرۆکی منداڵاندا: چیرۆکی منداڵان دەبێ رووداوەکەی بە شێوەیەک بن بە ئاراستەی چارەسەر و کۆتایی چیرۆکەکە بچێ. کۆتایی چیرۆکی منداڵانیش پەیوەندی راستەوخۆی بە سەرەتای چیرۆکەکەوە هەیە، چونکە لە سەرەتای چیرۆکدا کارەکتەر دەکەوێتە ناو ملمڵانێ لەگەڵ ئەوانی تر. بۆیە کۆتایی چیرۆک گرنگە کراوە و پەندئامێز و خۆشیهێن بێت. (کۆتایی کراوەش لە چیرۆکی منداڵاندا، هەل و دەرفەت بۆ منداڵان دەرخسێنن، تا توانا و شارەزاییەکانیان بەکاربهێنن، لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا. چیرۆکنووسانیش هیچ کۆتاییەکی کۆنکریتی دیاریکراو ناسەپێنن. بەڵکو رێ بۆ منداڵان خۆشدەکەن کە بیر لە زیاتر لە کۆتاییەک بکەنەوە. شێواز و رێبازی نووسینی کۆتایی چیرۆکی منداڵان، لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر جیاوازییان هەیە. جاری واش هەیە لە نێوان چیرۆکەکانی هەمان چیرۆکنووسدا جیاوازی لە نێوانیان چیرۆکەکانیدا هەیە. پێویستە ئەوەش بزانین کە کۆتایی چیرۆک بۆ منداڵان،

کۆتاییەکی شادی بێت یا کۆتاییەکی ناشادی بێت. هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە، گەر چیرۆکنووس ژن بێت یا پیاو بێت) (شوان، ٢٠٢١: سایتی دەنگەکان)

٤ .شێواز: چیرۆکی منداڵان شێوازێکی تایبەتی هەیە، چیرۆکنووس دەبێت شارەزاییەکی تەواوی لە جیهانی منداڵاندا هەبێت، چونکە چیرۆکنووس لە ڕێگەی شێوازەوە دەتوانێت ڕووداوەکان ڕەنگڕێژ بکات. ئامرازی مامەڵەکردنی چیرۆکنووسەکە، بەهرە و ژیری و هەستیاری دەوێت. بە گشتی شێوازی نووسینی چیرۆکی منداڵان دەبێ ڕەچاوی ئەم دوو لایەنە بکات :

١ .بە شێوەیەکی سروشتی ئاسان و ڕوون بێت ( ئەم شێوازە بۆ چیرۆکی منداڵان تا تەمەنی هەشت ساڵی ڕەچاو دەکرێت)

٢ .کاتێک چیرۆک پڕ دەبێت لە زەخرەفە و لێکچواندن و خوازە بۆ منداڵان تێگەیشتنی قورس دەبێت، ئەم شێوازە منداڵانی سەروو تەمەن هەشت- نۆ ساڵی حەزی پێ دەکەن) (قنديل، ٢٠٠٨: ١٦٢) لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ چیرۆکە بەهێز و جوانیش بێت. واتە ئەم وشە و دەستەواژە ئاسانانە جوانی ببەخشنە چیرۆکەکە.

٤ .گێڕانەوە: ئەوەیە کە نووسین بۆ منداڵان، جۆرێکە لە جۆرەکانی پەروەردەی منداڵان. کە کارتێکردنێکی کاریگەری لەسەر منداڵان هەیە. نووسەرانی منداڵان بە پلەی یەکەم پەروەردەکارن. ئەدەبی منداڵان بە ڕادەیەکی زۆر بەشداری و هاوکاری لە هێنانەدی گەلێ ئامانج دەکات، کە پەیوەندییان بە فێرکردن و پەروەردەی منداڵانەوە هەیە. لە گەلێ بواردا، بە سووک و ئاسانی گەلی شارەزایی فێربوونیشیان پێدەبەخشێت. چونکە ئەدەبی منداڵان سەرچاوەیەکی گرنگە لە سەرچاوەکانی زانستی. (گێڕانەوە واتا ئاستی هونەری زمانی دەق، بە ڕاستەی کورت یان درێژ. بە ڕستەی فرمان یان ناوی و...تاد. دەشێ گێڕانەوە باسی شوێن بکات یان کەسانی تر) (سەڕاج، ٢٠٠٧: ١٤). دوو شێوەی گێڕانەوەی چیرۆکی منداڵان هەیە:

١ .گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ: ئەوەیە گێڕەرەوە لە دەرەوەی ڕووداوەکان دەوەستێت بە جێناوەکانی: (ئەو، ئەوان) دەست بە گێڕانەوە دەکات.

٢ .گێڕانەوەی خودی: گێڕەرەوە گێڕانەوەکەی بە جێناوەی کەسی یەکەم: من، ئێمە دەگێڕێتەوە و ڕەنگە یەکێک بێت لە کارەکتەرەکان، یان خودی گێڕەرەوە بێت (البقاعي، ١٩٨٣: ١٨٣)

٥ .گفتوگۆ: گفتوگۆ یان دایەلۆگ یەکێکە لە تەکنیکە گرنگەکانی گێڕانەوەی چیرۆکی منداڵان. ئاشکرایە دەبێت هەر کارەکتەرێک بە گوێرەی باری کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و بیرکردنەوەی خۆی گفتوگۆ بکات. بۆ نموونە کاتێك بوونەوەرێک لە نموونەی پیرەژنی بەدکردار دەدوێت، دەبێ قسەکانی وەک بەدکردارێک بێت.

٦ .زمان: بێگومان زمانی نووسین بۆ منداڵان جیاوازی هەیە لەگەڵ زمانی نووسین بۆ گەورەکان. نووسەرانی ئەدەبی گەورەکان، بە دوای جوانکاری و ڕەوانبێژی و فەنتازی و تا ڕادەیەکیش بە دوای شێواز و بیرۆکەی دژەباودا دەگەڕێن.. بەڵام نووسەرانی ئەدەبی منداڵان لە زمانێکی سادە و ساکار و وشە باو و واتا زانراوەوە خۆیان نزیک دەکەنەوە، بە شێوازێکی ناسکی بێ گرێ و گۆڵیش بابەتەکانیان دەڕازێننەوە. (ڕاکیشانی سەرنجی منداڵان بە هۆی بەکارهێنانی ئەو وشە و دەستەواژانەن، کە لە کاتی خوێندنەوە و بیستن تێگەیشتنیان ئاسان بێت، توانای گوزارشتیان هەبێت لە خۆی و توانای گواستنەوەی بیرەکانیان هەبێت) (مجموعە مولفين، ٢٠٠٩: ٣٨)

٧ .کارەکتەرەکان: کارەکتەری چیرۆکی منداڵان مەرج نییە مرۆڤ بن، دەشێ باڵندە، ئاژەڵ، گیاندار، ڕووەک، دێو و درنج بن. ئەمەش بۆ جیهانی خەیاڵئامێزی منداڵان دەگەڕێتەوە. یەکێک لە لایەنە هونەرییەکانی کارەکتەر لە چیرۆکی منداڵان ئەوەیە (کارەکتەرەکان پێویستە کردەوەی پاڵەوانانە و گەورە ئەنجام بدەن لە جۆری سەرکێشی، ئاڵەنگاری ئاڵۆزییەکان، ڕووبەڕووبوونەوەی خراپە و خراپەکاران. دەبێ پاڵەوان لە پێناو خەڵک وکۆمەڵگە و لەناوبردنی خراپە کار بکات) (مجموعە مولفين، ٢٠٠٩: ٣٣٢). هەموو ئەمانە پەیامی پەروەردەیی و ئاکاریان تێدایە، بۆ ئەوەی منداڵان پەروەردە بن.

٨ .کات و شوێن: ئەمانە دوو ڕەگەزی هونەری لە بنیادی چیرۆکی منداڵان، ناتوانین وێنای هیچ چیرۆکێک لە دەرەوەی ئەم دووانەدا بکەین. لێرەشدا وەکو کارەکتەرەکان زۆر جار شوێن و کاتەکان خەیاڵین و لە واقیعدا نین. ئەمەش بۆ ئەوەی هێزی خەیاڵ لای منداڵ زیاتر بکەن و خۆی خەیاڵ و وێنای ئەو شوێنانە بکات. (خالدە قادر فەرەج) لە نامەی ماستەرەکەیدا (چیرۆکی منداڵانە لە ئەدەبی کوردیدا (١٩٧٠-١٩٩٠) دا (٣) جۆرەکانی لە بنیاتی چیرۆکی منداڵاندا دەستنیشان کردووە، کە بریتین لە-:

١ -کاتی فیزیکی، یان سروشتی: بریتییە لە هەڵهاتن و ئاوابوونی خۆر و پەیدابوونی شەو و ڕۆژ و وەرزەکانی ساڵ.

٢ -کات لە ڕووی مێژووییەوە: ئەمەش بریتییە لە کاتی ڕابردوو (دوور و نزیک) و کاتی ئێستا و داهاتوو.

٣ -کاتی دەروونی و فسیۆلۆجی، کە لە چیرۆکی منداڵاندا ئەوەندە هەستی پێ ناکرێت و بە ڕوونی دەرناکەوێت). ئەوەش بەهۆی سروشت و پێکهاتە و تەمەنی منداڵان و گەورە لە یەکتر جیاوازن، هەربۆیە دەبێت ئەدەبەکەشیان جیاواز بێت.

## تەوەری دووەم: تەکنیک و ڕەگەز و ناوەرۆکی چیرۆکەکانی فەریدوون عەلی ئەمین

لە باسی ڕەوتی چیرۆکی منداڵانی کورد ئەوەمان بۆ ڕوون بوویەوە، کە نووسەرانێکی زۆرمان هەن لە بواری چیرۆکی منداڵاندا دەستێکی باڵایان هەبووە. بۆ نموونە عەلائەددین سەجادی، شاکر فەتاح ...هتد. "فەریدوون عەلی ئەمین" یەکێک لەو چیرۆکنووسە بە بڕشتانەیە بە بەرهەمەکانی لە ڕەوتی گەشەی چیرۆکی منداڵاندا جێ پەنجەی دیارە. ئەم چیرۆکنووسە بە هۆی ئەوەی زمانی ئینگلیزی زانیوە و مامۆستای قوتابخانەیش بووە، شارەزای دنیای منداڵ بووە. لە ڕووی سایکۆلۆجی و سۆسیۆلۆجییەوە زانیویەتی چۆن مامەڵە لەگەڵ دنیای منداڵ

دەکرێ. بۆیە ئاگاداری کەشوهەوا و تەکنیک و فۆرمی چیرۆکی منداڵان بووە، بەرهەمەکانی لە ڕووی ناوەڕۆک و هونەرییەوە بەرزن. کاتێک سەیری ئەو وتارانە دەکەین لەبارەی دنیای منداڵان نووسیویەتی و ئەو پێشەکیانەی بۆ چیرۆکەکانی خۆی نووسیون چەند شارەزای دنیای منداڵە.

ئەم چیرۆکنووسە چەند بەرهەمێکی لە بواری چیرۆکی منداڵاندا هەیە، بەم شێوەیە:

١ .پاڵەوانی دواڕۆژ، ئەدەبیاتی منداڵان، لە ساڵی ١٩٥٨، بە هاوبەشی لەگەڵ مامۆستا عومەر عەبدولڕەحیم نووسیویێتی.

٢ .کارژۆڵە، چیرۆک و هەڵبەست بۆ منداڵان، ساڵی ١٩٧٢

٣ .پیاوە بچکۆلەکە، چیرۆک و هەڵبەست بۆ منداڵان، بەغدا ساڵی ١٩٧٢.

٤ .پاکژی، چیرۆک بۆ منداڵان، ساڵی ١٩٧٤

٥ .سێو، چیرۆکێکی وەرگێڕاوە بۆ منداڵان، ساڵی ١٩٧٤.

٦ .گەنمەشامی، چیرۆک بۆ منداڵان، ساڵی ١٩٧٤

٧ .جووجەڵە و بێچوەمراوی، چیرۆکێکی وەرگێڕاوە بۆ منداڵان، ساڵی ١٩٧٤.

٨ .پیرێکی ڕیش درێژ بوو، چیرۆک و هەڵبەست بۆ منداڵان، هەڵبەستەکان لە ئینگلیزییەوە کراون بە کوردی، ساڵی ١٩٨٥. [میرزا و مستەفا: ٢٠٠٦: ٩]

ئێمە لێرەدا دەمانەوێ لایەنی ناوەڕۆک و هونەری ئەو چیرۆکانەی لەبەردەست دان ڕوون بکەینەوە، بۆ ئەوەی بۆمان دەربکەوێت هەریەک لەو چیرۆکانە چ پەیامێکی پەروەردەیی و هونەری لە پشتەیەوە، هەروەها چیرۆکنووس تا چەند دەستڕەنگین بووە لە نووسینی چیرۆکی منداڵان.

لە چیرۆکی (بەرخۆلە و کۆترەکێویلە و مناڵ)دا، چیرۆکنووس باسی نەهامەتییەکانی شەڕمان بۆ دەکات. لە یەکەم دیمەندا دەنگی فڕۆکەیەک دێت، خەڵکی گوندەکە دەشلەژێن و ڕادەکەن بۆ ئەوەی خۆیان لە بۆردومان بپارێزن. منداڵێک دەچێتە بن دارێک بۆ ئەوەی خۆی حەشار بدات. لەوێ چاوی بە کۆترێک دەکەوێت ئەویش خۆی شاردۆتەوە، دەڵێت: بۆ وا خۆت حەشارداوە، ئەویش دەڵێت: لە ترسی هەڵۆ. هەر لەوێدا چەند بەرخۆلەیەک خۆیان شاردۆتەوە، ئەوانیش دەڵێن: لە ترسی گورگ خۆمان شاردۆتەوە. لەم چیرۆکەدا دەبینین سێ کارەکتەر هەن (منداڵ، کۆترەکێویلە، بەرخۆلە)، کە لەگەڵ ناونیشانەکەدا یەک دێتەوە. ئەوەی جێی سەرنجە ئەم ناونیشانە سەرنجی منداڵان ڕادەکێشێت، کە چی شتێک ئەم سیانە کۆدەکاتەوە. هەر سێ کارەکتەرەکە وەکو لایەنی فسیۆلۆجی لەگەڵ یەک دەگونجێن. هەر سێکیان لە ڕووی تەمەنەوە لێک نزیکن هێشتا بەو فەزایەی شەڕ ئاشنا نین .

پەیامی چیرۆکەکە، پەیامی ئاشتییە، دژایەتیکردنی شەڕە. واتە نیشاندانی لایەنی خراپی شەڕە. (بەخوا ئێمەش لە ترسی بۆردومانی تەیارە هاتووینەتە بن ئەم دارە) (میرزا و مستەفا، ٢٠٠٦: ١٦). دەیەوێت پەیامەکەی بەو شێوەیە بگەیەنێت، کە هەموو گیاندارانیش دژ بە شەڕ و کوشتارن. بۆ نموونە دوژمنی کۆتر لە هەڵۆیە و دوژمنی بەرخۆلەیش گورگە. چیرۆکنووس وەکو لایەنی هونەری دەقەکە بۆ ئەوەی بە تەواوی منداڵان تێبگەیەنێت لێکچواندنێک لە نێوان فڕۆکە، هەڵۆ، گورگ دروست دەکات. بۆ ئەم مەبەستەش زمانێکی سادەی بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی منداڵان بە ئاسانی لێی تێبگەن. زمانەکە هیچ ئاڵۆزی و خوازەیەک و ڕەمزێکی تێدا نییە، لە شوێنێک بۆ ئەوەی زمانی چیرۆکەکە لە زمانی ئاخاوتن و گشتی نزیک بکاتەوە لە جیاتی وشەی فڕۆکە، وشەی تەیارە بەکاردەهێنێت. واتە زمانی چیرۆکەکە ناکات بە زمانێکی کوردی پەتی، چونکە ڕەنگە هەموو منداڵێک لەمە نەگات. یەکێک لە تەکنیکەکانی زمان لەم چیرۆکەدا و لە زۆربەی چیرۆکەکانی ئەم چیرۆکنووسە ئەوەیە، دەنگی شتەکانی دەرهێناوە. بۆ نموونە دەنگی فڕۆکەی بە: ڤڕڕڕ....ڤڕڕڕ و دەنگی کۆترکێویلە بە: باق باق بوو و دەنگی بەرخۆلەی بە: باعە باع نووسیوە. ئەمەش جۆرێک لە فێربوونە، کە چیرۆکنووس لەو ڕێگەیەوە منداڵەکان فێری دەنگی ئاژەڵان دەکات. چیرۆکەکە تێکەڵەیەکە لە چیرۆکی ڕیالیستی و خەیاڵی. ڕیالیستییە بەوەی فڕۆکەیەکە بەسەر گوندێکەوە دەسوڕێتەوە بۆ ئەوەی بۆردومانی بکات، ئەمە لایەنی ریالیستی چیرۆکەکەیە. کەواتە بە هۆی چیرۆکی ریالیستییەوە منداڵان (زیاتر لە شتە واقیعیەکان نزیک دەبنەوە بۆیە چیرۆکێک کەوا باسی واقیعی کۆمەڵایەتی و ژینگەی دەوروبەریان بۆ بکات دەبێتە جێگای ڕازیبوونیان و بە پەرۆشەوە گوێی بۆ دەگرن) (صبری، ٢٠١٠: ١٣٩). لە لایەکی ترەوە خەیاڵیشی تێدایە ئەویش بە هۆی قسەکردنی باڵندە و گیانداران، چونکە ئەمە زیاتر لەگەڵ دنیای منداڵاندا دەگونجێت. واتە چیرۆکنووس سوودی لە هەردوو سەرچاوەی واقیع و خەیاڵ وەرگرتووە.

لە کۆتایی چیرۆکەکەدا، چیرۆکنووس پەیامی چیرۆکەکەی ئاشکرا کردووە، ئەمەش وەک تەکنیکێک، چونکە منداڵان ناتوانن خۆیان لێکدانەوە بۆ دەلالەتەکان بکەن، بۆیە چیرۆکنووس ناچارە بۆ ئەوەی پەیامەکەی بگات لە کۆتایی چیرۆکەکە بینووسێت. (خۆزگە هەڵۆ کۆترە کێویلەکەی نەدەخوارد.

خۆزگە گورگ بەرخۆلەی نەئەفڕاند. خۆزگە تەیارەش هیچ کوێیەکی بۆردومان نەئەکرد، خۆزگە کەس هەقی کەسی نەئەخوارد و هەموو بە ئاشتی و خۆشی پێکەوە ئەژیان) (میرزا و مستەفا، ٢٠٠٦: ١٧). ئەمەش پەیامێکە بۆ هەموو منداڵان، کە دەبێ ژیان بە ئاشتی و تەبایی لەگەڵ یەکتریدا ببەنە سەر بۆ ئەوەی دووربین لە شەر و ئاژاوە.

چیرۆکی (پیاوە بچکۆلەکە)، چیرۆکێکە لەبارەی پۆلیسی هاتوچۆ. باوکی دلێر پۆلیسی هاتوچۆیە، دیارە لەو کات پێی دەگوترا پۆلیسی ڕێوبان. کاتی جەژن باوک دەیەوێ جلی جەژن بۆ دلێری کوڕی بکڕیت، بەڵام دلێر داوا لە باوکی دەکات، هەمان جلی پۆلیسی هاتوچۆی بۆ بکڕێت و باوکیشی خواستەکەی دەهێنێتە دی. ڕۆژی جەژن دلێر بەو جلانەوە دەچێتە ناو منداڵان و یاری پۆلیسی هاتوچۆ دەکەن. هەندێک لە منداڵەکان دەبن بە ئۆتۆمبێل و هەندێکی تر بە پیادە و دلێریش دەبێت بە پۆلیسی هاتوچۆ و ئەو ئەرکە دەبینێت. ئەم چیرۆکەش لە

ڕووی زمانەوە زمانێکی سادە و بێ گرێوگۆڵی هەیە، زمانێکە دەتوانێت گوزارشت لە دنیای منداڵان بکات. ئەمەش شێوازی نووسینی چیرۆکنووس دیاری دەکات. شێوازی نووسەر: (بریتییە لە هەڵبژاردنی وشە و پێکهاتەکانی لە دروستکردنی ڕستە و بڕگەدا بە شێوەیەکی دیاریکراو لەلایەن نووسەرەوە. تاکوو ئەدەبێک پێشکەشی خوێنەر بکات) (الطالب، ١٩٨٩: ١٢٤). ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە چیرۆکنووس زۆر شارەزایانە ئەو زمانەی داهێناوە بۆ ئەوەی منداڵان بە جوانی لێی تێبگەن.

پەیامی چیرۆکەکە بریتییە لە: چاندنی خۆشەویستی پۆلیسی هاتوچۆ لە دڵی منداڵاندا. ئەمە بە دیوێکی تردا خۆشەویستی نیشتمانە بۆ ئەوەی منداڵان پەیڕەوی لە یاساکان بکەن. واتە چیرۆکنووس لە ڕێگەی چیرۆکەوە دەیەوێت منداڵان فێری یاساکانی هاتوچۆ بکات. هەر کاتێک پۆلیسی هاتوچۆیان بینی پەیڕەوی لە ئاماژەی دەستی ئەو بکەن. (هەموو منالەکان ئیتر لەم یارییەوە فیربوون کە لە ماڵەوە ئەچوونە دەرەوە و پۆلیسی ڕێوبان و ئۆتۆمبێلی ڕاستەقینەیان ئەدی، سەیری دەستی پۆلیسەکەیان ئەکرد تا ئەو نەیوتایە نە ئەپەڕینەوە) (میرزا و مستەفا، ٢٠٠٦: ١٩). ئەم چیرۆکەش چیرۆکێکی ریالیستییە، واتە چیرۆکنووس ڕووداوەکانی لە ژیانی واقیعەوە وەرگرتووە، ئەمەش بۆ ئەوەی تەواو لە ژیانی منداڵان ڕەنگ بداتەوە، چونکە منداڵان ڕۆژانە بەر ئەم بابەتە دەکەون بۆ ئەوەی بزانن چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. کەواتە (چیرۆکنووسی منداڵان دەبێ ڕۆڵی نواندن ببینێ لە کاتی نووسینی چیرۆکەکەدا، واتە بە شێوازێکی وا چیرۆکەکە بنووسێت. ئەندێشەی منداڵان بوروژێنێت بە ئاگایان بێنێت بۆ ئەوەی خۆیان بتوانن بچنە نێو ڕووداوەکان، وەک ئەوەی پاڵەوانێک بن تیایدا) (صبری، ٢٠١٠: ٩١). دەبینین ڕووداوەکەش یەک ڕووداوە، چونکە فۆرمی چیرۆکی منداڵان دەخوازێت ڕووداوی کەمی تێدا بێت. چونکە ڕووداوی زۆر لە چیرۆکی منداڵاندا وا دەکات منداڵ نەتوانێت ڕووداوەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە. بۆیە ڕووداوی کەم وا دەکات منداڵ بتوانێت ئەو چیرۆکە وەرگرێت. لەم چیرۆکەدا ڕووداوە سەرەکییەکە بریتییە لە ڕۆڵبینینی دلێر وەک پۆلیسی هاتوچۆ. ئەم ڕووداوەش لە ڕووی دەروونییەوە هیچ ترسێک لە دڵی منداڵدا دروست ناکات، چونکە واقیعیە.

چیرۆکی (جووجەڵە و ڕێوی)، چیرۆکێکە ڕووداوەکانی هەم واقیعی و هەم خەیاڵییە. باسی مریشکێک و جووجەڵەکانی دەکات. دوای ئەوەی ئێوارە لە گەڕان بە دوای خواردندا دەگەڕێنەوە و تێربوونە، دایکیان داوایان لێ دەکات بخەون. ئەوانیش فەرمانی دایک بەجێدەهێنن. لەناکاو شەو ڕێوی دێت و بە دزییەوە ملی مریشکی دایک دەگرێت و دەبیات و دەیخوات. جووجەڵەکان دەجریوێنن. بەیانی هیوای خاوەنیان سەریان لێ دەدات، بەڵام مریشک نەماوە و جووجەڵەکان هەواڵەکە بە هیوا دەگەیەنن، کە ڕێوی دایکیانی خواردووە. هیواش بەڵێنیان پێ دەدات تەڵەیەکی بۆ بنێتەوە و بە سزای خۆی بگەیەنێت. شەو ڕێوی دەگەڕێتەوە و دەڵێ ئەمشەویش لرفیان دەکەم. لەناکاو بە تەڵەکەوە دەبێت. و هیوا دێت، داوا لە هیوا دەکات ئازادی بکات هیچ تاوانی نییە و ئەو مریشکەکەی نەخواردووە. هیواش دەڵێت: تۆ تازە دەتگوت وەک دوێنێ شەو لرفیان دەکەم. ئیدی بە سزای خۆی دەگات. دەبینین ئەم چیرۆکە لە ڕووی بابەتەوە زۆر گونجاوە لەگەڵ چێژ و حەوسەڵەی منداڵان. بەوەی چیرۆکنووس دەیەوێ پەیامی ئەوە بدات بە منداڵان هەر کاتێک دوژمن هێرشی کردە سەر خاک و نیشتیمان و کەسانی ئێمەی کوشت دەبێ بەرگری لی بکەین. تەنانەت هیوا وەکو ڕەمزێک بەکارهاتووە، کە هیوا و ئاواتی گەلێکە و ئاماژەیە بۆ سەرکردە. بەمەش ئەم چیرۆکە باوەڕی بەرگری و جەنگان لە پێناو نیشتیمان لە دڵی منداڵان دەچێنێت. ئەم بابەتەش بابەتێکی ڕاستەقینەیە و ڕاسگۆیی تێدایە، چەند ڕاستییەک دەبەخشێت، کە تا منداڵان بمێنن ئەم پەیامە بە نەمری دەمێنێتەوە. (هەتا ئێوارە واقەواق بکەیت بە پوولێک ناچێ، ئەبێ هەر بەم تەڵەیەوە بیت تا گیانت دەرئەچێ!

جووجەڵەکان: جیو... جیو...جیو کاکە هیوای خۆمانە، جیو..جیو.. جیو، بۆ ئێمە پشتیوانە.) (میرزا و مستەفا، ٢٠٠٦: ٢١). بەمەش هەستی تۆڵەسەندنەوە و بەرگری لای منداڵ دروست دەکەن. منداڵانیش بە سروشتی خۆیان ئەم جۆرە چیرۆکانەیان زۆر پێخۆشە، بەڵام ئەم جۆرە چیرۆکانە بۆ ئەوە نییە منداڵان فێری شەرانگێزی بن، هەرچەندە کوشتنی هەر ئاژەڵێک ئەگەر دڕندەیش بێت وەک تاوان هەژمار دەکرێت، چونکە سروشت و غەریزەی ئەو ئاژەڵانە وایە. هەرچەندە لە کولتووری کوردیدا ڕێوی وەک ئاژەڵێکی فێڵباز هاتووە، ئەمەش وەک ڕەمزێکە بۆ ئەوەی منداڵان لە پەیامەکە بگەن. واتە ئاژەل و باڵندەکان وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی پەیامەکە دەبینرێن.

لە چیرۆکی(چۆلەکەبۆر ڕزگاری بوو)، باس لە چەند منداڵێک دەکات، یەکێکیان ناوی ئاسۆسە و چۆلەکەیەکی گرتووە و لەناو دەستەکانی گوشیویەتی. چەند منداڵێکی تریش دەیانەوێ فێڵێک لە ئاسۆس بکەن بۆ ئەوەی چۆلەکەکە ئازاد بکەن. یەکێکیان ناوی ئارامە و فێڵێک دەدۆزێتەوە. دەڵێتە منداڵەکان من و ئەردەڵان دەچین چاک و چۆنی لەگەڵ دەکەین و ئێوەش بە دواماندا وەرن هەمان شت بکەن. (ئای کاکە ئاسۆس چۆنی چاکی، دەستەکانت بێنە لێی دەرەوە.. ئەوە بۆ دیار نیت. هێشتا ئارام دەستی هەر لەناو دەستی ئاسۆسدابوو هەر بە ئەنقەست بەری نەئەدا تا مەریوان و ئەوان ئەگەن) (میرزا و مستەفا، ٢٠٠٦: ٢٣). منداڵەکانی تریش دەگەن و داوای تەوقە لە ئاسۆس دەکەن ئەویش بەو دەستەی چۆلەکەکەی گرتووە دەکاتەوە و دەستیان بۆ درێژ دەکات یەکسەر چۆلەکەکە دەفڕی. منداڵەکان دڵیان خۆش دەبێت فێڵەکەیان سەری گرت و چۆلەکەکەیان ڕزگار کرد. ئەم چیرۆکەیش چیرۆکێکی واقیعییە، بە گوێرەی قسە و کردەکانی ناو چیرۆکەکە منداڵەکان تەمەنیان لە سەرووی شەش ساڵییەوەیە. پەیبردنی چیرۆکنووس بە بابەتە واقیعییەکانی ڕۆژانە، هۆکار دەبێت بۆ بەشداریکردنی لە گەشەی سروشتی منداڵ. ئەمەش لە ڕێگەی گوزارشتکردن لەو گرفتانەی ڕۆژانە دێنە سەر ڕێی منداڵ. ئاشکرایە گرتنی باڵندە و ئاژەڵان و ئازاردانیان کارێکی خراپ و نادروستە. بەمەش دەیەوێت پێناسەی زاراوەیەکی

وەک ئازادی و ڕزگاری بکات. (جیک جیک..جیک جیک ئای کە ڕزگاربوون خۆشە.) (میرزا و مستەفا، ٢٠٠٦: ٢٣). ئەمەش نیشانەی ئاگایی چیرۆکنووسە، چونکە ئەو بابەتانەی هەڵبژاردووە، کە لە ڕاستییەوە نزیکە. گرتنی چۆلەکە و ئاژەڵان لەلایەن منداڵانەوە بابەتێکی باو بووە و زۆربەی منداڵان هەوڵی ئەنجامدانی ئەو کارە دەدەن. (کەواتە دەبێ چیرۆکنووس هەوڵی ئەوە بدات ئەو بابەتانە هەڵبژێرێت کە لە ڕاستییەوە نزیکن. منداڵان لەم قۆناغەی تەمەنیاندا زیاتر حەز لەو ڕاستیانە دەکەن کە بڕوایان پێیەتی و دەیانەوێت پەردە لەسەر ئەو کێشانە لابدەن کە بە ڕاستی ئەزانن و ڕووبەڕوویان دەبنەوە) (فراج، ١٩٧٩: ٣٩). چیرۆک بیروخەیاڵی منداڵ فراوان دەکات و وای لێدەکات دنیا بەجۆرێکی جوانتر ببینێت. دنیای منداڵان دنیایەکی پاک و بێگەرد و جوانە و پڕیەتی لەخەونی ڕەنگاوڕەنگ، وەکو دنیای گەورەکان وشک و برینگ و ڕەق وتەق نییە و دنیایەکی ئەرخەوانی و ڕەنگاڵەیی نایاب وپڕتام وچێژە. پەیامی چیرۆکەکە ئەوەیە منداڵان ئازاری باڵندە و ئاژەڵان نەدەن، و دووریان بخاتەوە لەو کردەوەیە. هەروەها پێداگرییە لەسەر چەمکی ئازادی و ڕزگاری، وەک چۆن باڵندەکان ئازادیان خۆشدەوێ و دەتوانن بە ئازادی بژین، بە هەمان شێوە مرۆڤیش دەبێ هەوڵی ڕزگاری و ژێردەستەیی بدات.

لە چیرۆکی (کاکە ئالان مار هات، ماری ژەنگوڕار هات)، چیرۆکێکە بە مەرگەسات کۆتایی دێت. دوو منداڵ بە ناوەکانی دارا و ئالان دەیانەوێت بچن بە دوای هێلانە چۆلەکەدا بگەڕێن بۆ ئەوەی بێچووە چۆلەکە دەربێنن. چەند هێلانەیەک دەدۆزنەوە. (ئەم گوێسەوانەیەش هیچ ئەوی کەیان، ئەمەشیان نا، دەی بڕۆ.. هەر بڕۆ، تا تۆ دەنگ..وس..وس گوێم لە جریوە جریوێکە.) (میرزا و مستەفا، ٢٠٠٦: ٢٤). تا ئەوەی یەکیان پشتی دادەنێتەوە و ئەویتریان دەچێتە سەر پشتی بۆ ئەوەی دەست بکا بە کونی هێلانەکە لەناکاو مار پێوەی دەدات و گیانی دەردەچێت. (خەڵکەکە گورج پەلاماریان دا و بردیان بۆ خەستەخانە، هێشتا نەگەیشتبووە خەستەخانە ئالان لە ڕێگا گیانی دەرچووبوو!!) (میرزا و مستەفا، ٢٠٠٦: ٢٥). ئەم چیرۆکە هەوڵێکە بۆ ئاراستەکردنی منداڵان بۆ ئەنجامنەدانی کردەوەی خراپ. ئەوەی جێی سەرنجە لەم چیرۆکەدا زمان و دیالۆگی نێوان منداڵەکان بە شێوەیەکە وەک ئەوەی دوو کەسی گەورە و تێگەیشتوو قسە بکەن. ئەمەش لەگەڵ ئاستی بیرکردنەوە و دنیای منداڵان ناگونجێت. گوزارشتی وەکو: نا کاکی خۆم، دەی فەرموو چییە؟، وەک برا بەشی ئەکەین، بۆ ئەوەندە لەسەر شت ئەڕۆی. هەموو ئەمانە گوزارەیەکن کەسانی گەورە دەری ئەبڕن و منداڵان بەو شێوازە قسە ناکەن. کەواتە زمان و گفتوگۆی چیرۆکی منداڵان دەبێت بە شێوازێک بخرێتەڕوو، کە لەگەڵ ئاستی تەمەن و عەقڵی منداڵاندا بگونجێت. منداڵان کاتێک ئەم ڕستانە دەخوێننەوە لە دنیا و بیرکردنەوی خۆیاندا بیدۆزنەوە نەک پێی نامۆ بن. (کاتێک منداڵ دەبینێ کارەکتەرەکانی چیرۆکەکە لەگەڵ یەکتردا گفتوگۆ و ململانێ دەکەن، هەروەک چۆن ئەمە لە هەڵوێستەکانی ژیاندا لە نیوان کەسەکاندا ڕوو ئەدات منداڵانیش گوێ دەدەنێ و کاردانەوەیان لە هەر هەڵوێستێکدا دەبێت) (شحاتە، ٢٠٠٤: ١٦٨)

چیرۆکنووس هەوڵدەدت پەیامی ئەوە بە منداڵان بگەیەنێت ئازاردانی باڵندەکان کارێکی نادروستە. ئاشکرایە دیاردەی گەڕانی منداڵ بە دوای هێلانەی چۆلەکە چ لە کۆن و چ لە ئێستاشدا باوە. بەتایبەت لە ساڵانی کۆن لە گوێسەبانی خانووەکان هێلانەی چۆلەکەی زۆری لی بوو، چونکە زۆربەی خانووەکان سەریان دارەڕا بوو. لەناو ئەو کونانەش زۆر جار مار خۆیان حەشار دەدا، بەتایبەت ئەو مارانە بۆ خواردنی بێچووە چۆلەکە دەگەڕان. منداڵان لە ڕێی چیرۆکەوە، فێری کۆمەڵێک بەهای جوان و بەرز دەبن وەکو : ئازایەتی، هیواخوازی، پیاوەتی، چاکەخوازی، دادپەروەری، ڕاستگۆیی، ئارامی، نیشتمان پەروەری، دڵسۆزی، هاوڕێتی، خۆشەویستی، ڕێزگرتن، ناپاکی نەکردن، خۆنەپەرستی، هاوکاری، تێکۆشان، کۆڵنەدان، خۆبەختکردن، قبووڵکردنی ڕای جیاواز، ژینگەپارێزی، ئازارنەدانی ئاژەڵان، . . . هتد . لەم ڕووەوە ئەم چیرۆکە تەواو پەیامەکەی خۆی پێکاوە، بەوەی بابەتێکی واقیعی هەڵبژاردووە و ئاکامی ئەم دیاردەیەش بۆ منداڵان ڕوون کردۆتەوە، کە ڕەنگە بێتە هۆی مەرگی منداڵان.

چیرۆکی (تامی تامی گەنمەشامی) چیرۆکێکە ڕووداوەکانی لە ژیانی ڕۆژانەی قوتابخانەی منداڵان وەرگرتووە. باسی چەند منداڵێک ئەکات کاتێ ئەچن بۆ قوتابخانە. لەبەردەم قوتابخانەدا پیاوێک هەندێک گەنمەشامی و نوقڵی داناوە و مێش تێی ئاڵاون. هەندێک لە منداڵەکان دەڵێن پارەکەمان لێرە خەرج ناکەین، چونکە پیسە و لە دوکان (حانووت)ی قوتابخانە خەرجی دەکەین، کە پاک و خاوێنە بەڵام منداڵێکیان بە گوێیان ناکات و ناوی بێباکە (بێباک بیدەنگ بوو، نەختێک وەستا، لووتێکی بۆ خوراند و دەستێکی بە گیرفانیدا کرد و پارەی دەرهێنا، تۆپەڵێک گەنمەشامی و مستێک نوقڵی کڕی. دەستی بە نوقل داکرماندن کرد و ناوبەناو تۆپەلە گەنمەشامییەکەی بە دەمیدا ئەهێنا و ئەیووت: تامی تامی گەنمەشامی، تامی تامی گەنمەشامی.. دوای دەرسی دووەم ناڵەناڵ و هاوار هاوار لە بێباک هەستا) (میرزا و مستەفا، ٢٠٠٦: ٢٦). لەم چیرۆکەدا بە شێوەیەکی هونەریانە بایەخ بە دیالۆگ دراوە و لە ڕێگەی دیالۆگەوە شتەکان ڕوون کراونەتەوە، هەروەها ڕستە و وشەکانیش لەگەڵ ئاستی تەمەن و بیرکردنەوەی منداڵەکان دەگونجێت. بابەتەکەیش زۆر ئاسان لەلایەن منداڵانەوە وەردەگیرێت، چونکە گوزارشتە لەو دنیا و شوێنەی ئەوان تێیدەژین. شوێنی ڕووداوەکان قوتابخانەیە، ئەو شوێنە بەشێکە لە ژیانی منداڵان. بۆیە (نووسینی چیرۆک بۆ منداڵان، گەڕانەوەی چیرۆکنووسە بۆ ژیانی منداڵی، یان ژیان لەگەڵ منداڵاندا، یان ژیانی ئەمڕۆی بەشێک دەبێت لە دووتوێی ئەو ناوچانەی منداڵ لێی دەژی، گەڵێ جاریش نووسەر بە خەیاڵ واقیعێک دروست ئەکا، بەڵام هەر دەبێت نزیک بێت لە ژیانی منداڵ، یان بەشێک بێت لە ژیانەکەیان) (ئەحمەد، ٢٠٠٦: ٧٧). کەواتە شوێن کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی گەشەی منداڵ هەیە.

قوتابخانە وەک بەشێک لە ژیانی منداڵان، کاریگەری هەیە لەسەر ژیانی منداڵان. ئاشکرایە لە قوتابخانە لایەنی تەندروستی منداڵان بەشێکە لە پرۆگرامی پەروەردە و بایەخی زۆری پێ دەدرێت. چیرۆکنووس پەیامی ئەوە بە منداڵان دەدات پێویستە منداڵان ئەو خواردنانەی لەبەردەم قوتابخانەکاندا هەیە لەسەر عارەبانە و دەستگێرەکان، چونکە سەریان کراوەیە و تۆز و خۆڵ و مێش لەسەریان دەنیشن، بەمەش پیس دەبن و بۆ خواردن ناشێن و کاریگەری تەندروستی لەسەر جەستەی منداڵان جێدەهێڵن. بەرانبەر ئەوە حانووت لە قوتابخانەکان هەن. پێویستە قوتابیان لەوێدا شت و خواردن بکڕن، چونکە لەژێر چاودێری بەشی تەندروستیدان و بەردەوام چاودێریان دەکرێت، کە پاک و خاوێن بن. هەروەها ناوی بێباک زۆر گونجاوە لەگەڵ ئەو کردەوەیەی ئەنجامی دەدات، بێباکە لە هەر شتێک ئەنجامی بدات. بۆیە پەیامی ئەوەی تێدایە، کە منداڵ نابێت بێباک بێت لە ئەنجامدانی هەر کردەوەیەک، بۆیە دەبێت بە ئاگایی و هوشیارییەوە کردەوەکانی ئەنجام بدات.

چیرۆکی (پشکۆ و شێرکۆ شەڕیانە لەسەر دەنکێ زەنگیانە) ناونیشانی چیرۆکەکە لە دیاردەیەکەوە وەرگیراوە، کاتی خۆی لە قوتابخانەکاندا باو بوو، کە منداڵان هاروهاجی و شەڕەکانیان بۆ دوای تەواوبوونی قوتابخانە هەڵدەگرت. دوو قوتابی بە ناوەکانی پشکۆ و شێرکۆ لە قوتابخانە شانیان بەریەک دەکەوێت و پشکۆ دەڵێت: ئەوە کوێر بوویت؟! بۆ چاوت لەبەر پێی خۆت نییە؟ خۆ تۆ شانت خستمەخوارەوە .

شێرکۆ: نەمزانی بەخوا ئەوەندەم تینووە لە تینواندا ئاگام لە خۆم نەماوە (میرزا و مستەفا، ٢٠٠٦: ٢٩). هەرچەندە شێرکۆ داوای بووردن لە پشکۆ دەکات، بەڵام سوودی نابێت و پشکۆ داوا دەکات دوای تەواوبوونی قوتابخانە لە دەرەوە یەک ببیننەوە بۆ ئەوەی تۆڵەی لێ بکاتەوە. دوای قوتابخانە شەڕ دەکەن، منداڵان لێیان کۆدەبنەوە و هانیان دەدەن. کتێب و دەفتەرەکانیان بەو ناوەدا پەرش و بڵاو دەبنەوە و دەدڕێن. پیاوێکی پیر بەو ناوەدا دەڕوات، تووک و نەفرەت لە دایک و باوک و مامۆستاکانیان دەکات، کە ناتوانن پەروەردەیەکی جوانیان بکەن. ڕۆژی دواتر مامۆستا لە مەیدانی قوتابخانە باوکی هەردووکیان بانگ دەکات و منداڵەکانیان دەردەهێنن و ئامۆژگاریان دەکەن. ئەوەی جێی سەرنجە ژینگەی منداڵە. ئەمە دیاردەیەک بووە پێشان منداڵان شەڕەکانیان بۆ دەرەوەی قوتابخانە هەڵدەگرت، چونکە نەیاندەتوانی لەناو قوتابخانە لە ترسی مامۆستا شەڕ بکەن. شەڕەکانیان بۆ دوای قوتابخانە هەڵدەگرت. ئەمەش گرنگی ڕەگەزی کات لەم چیرۆکە دەردەخات. منداڵ لە چەند کاتێکدا دەژی. کاتی قوتابخانە و کاتی دوای قوتابخانە، جیاوازی ژیان لەم دوو کاتەدا پیشان دەدات.

کاتی چیرۆکەکە بریتییە لە کاتی ئێستای گێڕانەوە. کاتێک بریتییە لە ژیانی منداڵان لە قوتابخانە و دەرەوەی قوتابخانە. ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیامێکە بۆ منداڵان، کە دەبێت لە ژیانیاندا چ لە قوتابخانە و چ لە دەرەوە و چ لە ناوەوەی قوتابخانە دەبێ وەکو یەک بێت. بۆیە لە کۆتایی چیرۆکەکە پەیامەکەی ئاشکرا دەبێت هەر بۆیە منداڵان ئاگاداری هەمموو شتێک دەبن. شێوازی دارشتنی چیرۆکەکە لە شێوەی شانۆدایە و لە سێ پەردەدا داڕێژراوە. لە پەردەی یەکەمدا باسی ناو قوتابخانە دەکات. واتە کاتی ناو قوتابخانەیە. لە پەردەی دووەمدا باسی دەرەوەی قوتابخانەیە، کە منداڵان شەڕی تێدا دەکەن. پەردەی سێیەم باسی ڕۆژی دواترە، کە دەبێتە کاتی داهاتووە و کێشەکان لەوێدا چارەسەر دەبن.

چیرۆکی (زەنگۆڵە) چیرۆکێکە لەبارەی خاسیەتێکی منداڵان ئەویش درەنگ لە خەوهەڵسانە و دواکەوتنە بۆ قوتابخانە. کاروان منداڵێکە تەمبەڵە و درەنگ لە خەو هەڵدەستێ. هەمموو بەیانیان دایکی بانگی دەکات بەڵام هەڵناسێت لە خەو. (کاروان..کاروان.. ڕۆڵە کاروان، ئاخر ئەمە تاکەی تۆ بەیانیان وائەکەیت دەهەستە درەنگە بۆ مەکتەبەکەت درەنگە.

کاروان: ئم هـ... دەجاری زووە، ئم هـ .. نەختێکیتریش بنووم) (میرزا و مستەفا، ٢٠٠٦: ٣٣)

ئەم چیرۆکە بە شێوەیەک گرێچنی بۆ کراوە، ڕووداوەکان سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییان هەیە. واتە ڕووداوەکان لە سەرەتاوە دەست پێ دەکەن. کە کاروان لە سەربان خەوتووە و هەڵناسێت لە خەو و ڕۆژانە ئەوە سیفەتیەتی. دواتر دەگاتە ناوەڕاست و ڕووداوەکان دەگەنە لووتکە، ئەویش بەستانی زەنگۆڵە لەسەربان لەلایەن باوکی کاروانەوە بۆ ئەوەی کاروان بێزار بکات و زوو هەلسێت. دواتە کۆتایی چیرۆکەکە و خاوبوونەوەی ڕووداوەکان و چارەسەری کیشەکانە، ئەویش کاروان بەڵێن دەدات کە چیتر درەنگ هەڵناسێت. کەواتە (گرێچن لە کتێبی منداڵە بچووکەکان، پێویست بەوە ناکات ئاڵۆز بێت.) (ایکن، ١٩٨٨: ٦٥) ئەم چیرۆکەش بە شێوەیەکی سادە و زمانێکی ڕوون نووسراوە لەگەڵ تەمەن و بیرکردنەوەی منداڵاندا دەگونجێت. سەرەتای گرێچنی ئەم چیرۆکە بریتییە لە کێشەیەک، کە درەنگ بەئاگاهاتنی کاروانە، ئەمە دەبێتە گرێ و کێشەیەک و رەوتی ڕووداوەکانی لێرەوە دەست پێ دەکات. بە چەند هەنگاوێک سەرەتای گرێچن دەچێتە پێشەوە تا دەگاتە باری ئاڵۆزبوونی کێشەکە و ترۆپکی کێشەکە، کە منداڵان ئەم خاڵەیان زۆر پێخۆشە، چونکە شوێنی چڕبوونەوەی ڕووداوەکانە. دواتر ڕووداوەکان لێرەوە بەرەو شیبوونەوە دەچن و چیرۆکەکە بەرەو کۆتایی هەنگاو دەنێت تا دەگاتە بە چارەسەر. چارەسەرەکەش زۆربەی جاران خۆشییە، چونکە پەند و پەیامی چیرۆکەکە لەوێدا کۆدەبێتەوە. لە کۆی چیرۆکەکانی فەریدوون عەلی ئەمین تەنیا چیرۆکی (کاکە ئالان مار هات...) بە تراجیدی و مەرگ کۆتایی دێت. دەنا هەمموو چیرۆکەکانی کۆتاییەکی شاد و خۆشیان هەیە و گرفتەکان لەوێدا بە خۆشی کۆتاییان دێت.

**ئەنجامەکان :**

١ .چیرۆکی منداڵان بوار دەرەخسێنێت بۆ فراوانکردنی بیر و خەیاڵی منداڵان.

٢ .چیرۆکەکانی فەریدوون عەلی ئەمین لە رووی هونەرییەوە بایەخیان هەیە، چونکە ڕەچاوی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵی کردووە، بە هۆی ئەوەی خۆی مامۆستای قوتابخانە بووە.

٣ .لە چیرۆکەکاندا زۆر بایەخی بە چۆنیەتی گۆکردن و نووسینی دەنگی باڵندە و ئاژەڵەکان داوە، بۆ نموونە دەنگی کۆترەکێویلە، دەنگی جووجەڵە، دەنگی مریشک...تاد ئەمەش وا دەکات منداڵان لە ڕێی دەنگەکانەوە باڵندە و ئاژەڵەکان بناسن.

٤ .زمانی نووسینی چیرۆکەکان سادەیە و لەگەڵ ئاستی تەمەن و بیرکردنەوەی منداڵان دەگونجێت. وشەکانی سادە و روونن.

٥. زۆربەی چیرۆکەکان پەیوەندیان بە ژیانی واقیعی منداڵانەوە هەیە، بۆ نموونە باسی دیاردەکانی ناو قوتابخانە و یاری کوڵانەکان. ئەمەش لە پێناو ئەوەی منداڵان ئەو واقیعە بناسنەوە.

**سەرچاوەکان**

**یەکەم: کتێبی کوردی**

١ .ئەحمەد، نەوزاد عەلی: (٢٠٠٦)، مندال و ئەدەب، چاپی دووەم، چاپخانەی روون، سلێمانی.

٢ .ئەحمەد، ناهیدە: (٢٠٠٥)، سەرەتایەک دەربارەی سەرهەلدانی ئەدەبی منداڵانی کورد، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

٣ .سەڕاج، عەبدوڵڵا: (٢٠٠٧)، بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکانی، دەزگای سەردەم، سلێمانی.

٤ .صبری،ڕازاو ڕەشید: (٢٠١٠)، چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

٥ .محمد، محمد دلێرامین: (١٩٨٩)، ڕۆڵی گۆڤاری گەڵاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین.

٦ .میرزا و مستەفا، کاوە ئەحمەد و سەلام: (٢٠٠٦)، بارانی ڕەنگاوڕەنگ (کۆی بەرهەمەکانی مامۆستا فەریدوون عەلی ئەمین)، دەزگای سەردەم سلێمانی.

دووەم: کتێبی عەرەبی

٧ .احمد، سمیر عبدالوهاب: (٢٠٠٤)، قصص وحکایات الاطفال وتطبیقاها العملیه، دار المسیره للنشر والتوزیع، عمان.

٩ .ایکن، جون: (١٩٨٨)، کیف تکتب للاطفال، ترجمه: کاظم سعدالدین، دار لاحریه للطباعه، بغداد.

١٠ .ابو عرقوب، احمد حسن: محاضرات فی ادب الاطفال: عمان.

١١ .البقاعی، ایمان: (١٩٨٣)، المتقن فی ادب الاطفال، فن الکتابه للاطفال، دار اقراء، الطبعه الثانیه، بیروت.

١٢ .الحريرى، رافده وبلقيس: (٢٠٠٩)، التربية الحكايات الأطفال، دار الفكر، عمان.

١٣ .درویش، احمد: (٢٠٠٢)، نظریه الادب المقارن وتجلیاتها فی الادب العربی، دار غریب للطباعه والنشر والتوزیع، القاهره.

١٤ .شحاته، حسن: (٢٠٠٤)، ادب الطفل العربی، الطبعه الثالثه، الدرا المصریه اللبنانیه، القاهره.

١٥ .الشنطی، محمد صالح: (١٩٩٦)، فی ادب الاطفال، اسسه وتطوره و فنونه وقضایاه و نماذج منه، دار الاندلس للنشر والتوزیع.

١٦ .الشيخ، محمد عبدالرؤوف: (١٩٩٧)، أدب الأطفال و بناء الشخصية: منظور تربوي إسلامي ، دار القلم، دبي.

١٧ .الطالب، عمر محمد: (١٩٨٩)، ادب الاطفال فی العراق، دار الحریه للطباعه، بغداد.

١٨ .فراج، محمد بن السين: (١٩٧٩)، اطفال وقرائتهم، شركه الربيعان، الكويت.

١٩ .قندیل، فواد: (٢٠٠٨)، فن کتابه القصه، الدار المصریه اللبنانیه، بیروت.

٢٠ .الامین، ازاهر محیالدین: (٢٠٠٦)، ادب الاطفال وفنونه، مکتبه الرشد، الریاض.

٢١ .مجموعه مولفین: (٢٠٠٩)، ادب الاطفال فلسفته، دار زهران، عمان.

٢٢ .الهیتی، هادی نعمان: (١٩٨٨)، ثقافه الاطفال، سلسله علم الفکر، الکویت.

سێیەم: سایتی ئینتەرنێت

٢٣ .شوان، ڕەزا: (٢٠١٨)، زمان لە ئەدەبی منداڵان دا، https://pmnews.se/?p=41317.

٢٤ .شوان، ڕەزا: (٢٠٢١)، گرنگییەکانی کۆتایی لە چیرۆکی منداڵاندا، سایتی دەنگەکان، . https://dengekan.info/archives/20165

٢٥ .شوان، ڕەزا: (٢٠١٧)، ئەدەبی منداڵانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان، سایتی کوردستان پۆست

https://www.kurdistanpost.nu/?mod=news&id=58656&rp=0 . &act=pdf&rf=1

**Abstract**

Kurdish literature existed in many genres of literature at the beginning of the twentieth century, with the emergence of the Kurdish journalism trend. Children's stories were one of the genres that emerged with newspapers, because newspapers and magazines reach every home where parents can read to their children. Faridun Ali Amin's position is important in children's stories, as he has once cared about children's stories, which were not as cultural in Kurdish. He has been trying to advise and guide children through children's stories. So, in the fifties, sixties and seventy centuries, this writer has set the story of children as a reason for education. In this way, he encouraged his parents to pay attention to this side. That's why he's published many children's story products of that time as books .